# رژێمی ئێران لەنێوان ئەقڵ و سەرشێتی دا

ئیبراهیم مەلازادە
malazada@kurdistan. zzn. com

ئەو قۆناغەی ئەمڕۆی ئێران پێیدا تێپەڕ دەبێ تا ئاستێکی زۆر لە قۆناغەکانی بەر لە شەڕی ڕزگارکردنی عیراق دەچێ لە هەردوو ڕووە ناوخۆییو دەرەکییەکانی.

بەر لەوەی بێمە سەر ڕوونکردنەوەی هەردوو حاڵەتی دەرێو ژووریێ ئەمڕۆی ئێران، پێویستە ئەوە بڵێین کە خوێندنەوەو ڕاڤەکردنو تێڕوانینی سەرانی ئێران تا ئاستێکی زۆر لە سەرانی پێشووی ملهوڕی عیراق دەچێ (بە چاونوقاندن لە جیاوازیەکان) کە نەیاندەویست یا نەیاندەتوانی ڕووداوەکانو پەرەسەندنەکانی ئەمڕۆی دونیا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە یا وەکو خۆی بخوێننەوە. لای هەموان ئاشکرایە کە موددەتێکە باڵی چاکساز لە سەر ئاستی ناوخۆ ڕۆڵی خۆی دەگێڕێو توانیویەتی پانتاییەک دروست بکات بۆ هەناسە هەڵکێشانو کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی عەقلیەتی تاکڕەو لەسەر شانی هاوڵاتیان، لێ دەشتوانین ئەوە با ڕاشکاوی بڵێین کە سەرانی دەسەڵاتداری ئێران توانیان تەمەنی ڕژێمی شۆڕشیان بۆ قۆناغێکی دوورتریش درێژ بکەنو جوانییێک بە واقیعی خۆیان ببەخشن. با لە ناوەوەش باری دەرونی خەڵکی ئێران ئاسایی نەبێو باری کۆمەڵایەتیش زیاتر بەرەو نامۆبوونو خۆون کردنو ئارام لەدەست دان بڕۆن.

ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاوەن بەرو بوومێکی زۆرەو توانای پیشەسازیو وزەییو کشتوکاڵی کەم وێنەی تیایە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا باری ئابووری ئێران ئاسایی نیەو ملیۆنەها دۆلار قەرزداری دەرەوەیە! ئەگینا دامەزراندنی پڕۆژەی چەکی ئەتۆمی (پڕۆژەی خۆ نەناسینو ئەویدی نەناسین) یەکێکە لەو هەنگاوە کوێرانەی کە لەو قۆناغەدا هەرگیز لە خزمەتی گەلانی ئێراندا نیە، ئەوەش نازانن نەهزەت یا سەرهەڵدان بە هەبوونی چەک نیە، بەڵکو بە هەبوونی مەعریفەو بەکار هێنانی عەقڵەو برەو دانە بە هوشیاری دانیشتوانی ئەو وڵاتە، ئەگینا مانای چیە بوونی چەکی ئەتۆمو جەماوەری تورەو لەهەمان کاتیشدا برسی. لەئەنجامی پەندوەرنەگرتنی سەرانی ئێران لە ڕووداوە دوورو نزیکەکانی دونیاو بینینی دەرەوە بە چاویلکە بچکۆڵەکەی خۆیان. نمونەی یەکێتی سۆڤیەتو ئێکسپۆرت کردنی ئایدیۆلۆژیەتیان، هاوشان بە ملیۆنەها دۆلارو وزەو توانای دانیشتوانی ئەو فیدراڵە، بوو بە هۆی شەکەت بوونیانو لەدەست دانی ئەو هاوسەنگیەی کە هەر وڵاتێک پێویستی پێ دەبێ بۆ پاراستنی خۆو بەرەو پێش بردنی داهاتوو پەرەسەندنەکانی. یەکێکە لەو نمونانەی کە پێویستی بە زۆر لەسەر ڕاوەستانو تێفکرینە. ئەو دەوڵەتەی کە پەل بۆ دەرەوە دەهاوێژێو ناوخۆی لەبیر دەکا ڕۆژ بە ڕۆژ لە تەمەنی خۆی کەمدەکاتەوە! یا بەشێوەیەکە تر بڵێین، ئەو دەوڵەوتەی نابێ بە فەرمانبەرێکی لێهاتوو کارامە بۆ بەرێوەبردنی وڵاتو پێشخستنی کاروباری دانیشتوانی وڵاتەکەی هەمیشە شایەنی ئەوەیە ببێ بە قەشمەرجاری بێگانە. نموونەی دووەمی زۆر زەقو نزیک ڕژێمی عیراق بوو کە لای هەموان ئاشکرایە چ کارەساتو نەهامەتی بەسەر گەلانی عیراق داهێناو بونیادی ئەو وڵاتەشی بەرەو چ جۆرە هەڵدێرێک برد.

ئەگەر هێمنانە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ناو ئێران بخوێنینەوە لەسەر هەردو ئاستی دەوڵەتو هاوڵاتیان دوو حاڵەتی جیاوازوو لێکترازانێکی ڕاستەقینە بەر چاو دەکەوێ. لە لایەک پەیوەندی ڕژێم بە دانیشتوان، ئەوەیە کە بە پێی خوێندنەوەی سیاسەتوانان تا ئەو ساتەش دەرکی مەترسی پڕبوونی گەلانی ئێران ناکەن لەو سیاسەتە چەواشەیەی کە بەرێوەی دەبەن، هەوڵنەدان بۆ گۆڕینی ئەو وتارەی کە تەنها خۆی پێ ڕاستەو ڕاو بۆچوونی ئەی تر نەک تەنها هەر نابینێ، بەڵکو دەیخاتە ناو بازنەی سوورو بە خیانەت ناسینو هەوڵی بنبڕکردنی دەدات. ئەوەتا ڕابەری شۆڕش کە خۆی بە باوکی هەموو هاوڵاتیانی خۆی دەزانێ، دەڵێ ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەنو هێمای دژی شۆڕش بەرز دەکەنەوە ئەوانە چڵکاوخۆری ئەمەریکانو بە فیتی ئەمەریکا ئەو بەزمە ساز دەکەن. ئەم جۆرە وتارە لە دوو حاڵەت بەدەر نیە، یا ئەوەتا ڕاست دەکاتو ئەمەریکا توانیویەتی گورزی خۆی بوەشێنێو جەماوەرێکی زۆری بۆ لایەنگیری خۆی جۆشداوە، ئەگەر وابێ ئەوە کارەساتێکی ڕاستەقینەیە بۆ ڕژێمی ئێرانو بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بنکۆڵ کراوە، لێکترازان لە قۆناغەکانی کۆتایی دایە! یا ئەوەتا ئەو جەماوەرە لە ئەنجامی دروست بوونی قەناعاتی تازەو گەیشتنی بەو باوەڕە کە دەتوانێ گۆڕان دروست بکاتو ڕژێمی تاکڕەوی فیکری تاهەتایە لە گۆڕ بنێ، بە خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ ڕوداوەکانی دونیاو ئەو بارودۆخە نوێیەی کە لە عیراق هاتۆتە پێشەوە، کە ئەو حاڵەتەش لە حاڵەتی یەکەم ترسناک ترو جەرگ بڕ ترە بۆ لێدانی ڕژێمی تەمەن بیستو ئەوەندە ساڵەی کە وتاری ئایدیۆلۆژی تاکڕەوی هەمیشە لە دروست کردنی بارودۆخێکی ڕێزپەڕ دابووەو گەلانی هەمەجۆری ئێرانیشی بەرکەنار کردووە. ئەگەر گریمانی ئەو لایەنەش ڕاست بێ ئەوا وتارەکەی ڕابەر ماناو سەرو بۆری واقیعی ئەمڕۆی ئێران بەدەستەوە دەداتو سەرەتای لێکترازانی ڕاستەقینەی دەوڵەتو دانیشتوانە. ئەوە جگە لە وتاری پڕ لە هەڕەشەو گورەشەی سەددامیانەو تێکشکێنەری شەیتانی بوزورگو ڕۆژئاوای بەتێکڕا کافر، کە بە خۆ گێل کردن لە واقیعو چەواشە کردنی زیاتری خەڵک هیچی تر بەدەستەوە نادات. ئەوە جگە لە وەی کە بوونی پڕۆژەی چەکی ئەتۆم کە ڕاستییێکەو ئەم جارەیان هەموو ڕۆژئاوا، تا ئاستێکی تەواو کۆکن لەسەر ئەوەی کە نابێ ئێران بڕەو بەو پڕۆژەیەی بدات، کە هەر ئەمەشە باری دەرەوەی ئەو وڵاتە نیشان دەدا، لە لایەک ئەمەریکا لە هەوڵو کۆششی بەردەوام دایە بۆ بنکۆڵ کردنو جۆشدانی ڕای گشتی دونیا لە دژی ئەو ڕژێمەو دەربڕینی پشتیونی تەواویان بۆ ڕابوونی خوێندکارانو جەماوەری جۆشدراوی ئێران. سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکان دەڵێن دوو ڕای کۆکو جیاواز هەن لە ناو ئۆرگانە سیاسیەکانی ئەمەریکا لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران، لەلایەک هەموویان کۆکن لەسەر دروست بوونی گۆڕان لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە. جیاوازیەکەشیان لە شێواز دایە، هەیانە دەڵێ بە شێوەیەکی ئاشکرا داکۆکی لەسەر پشتیوانی دەربڕین بۆ باڵی چاکسازی ئێران بکەین، لەڕێی ئەوانەوە گۆڕان لەو ڕژێمەدا دروست ببێ، باڵی تریان دەڵێ: نەخێر پێکهاتەی ئەو ڕژێمە ئاوا دامەزراوە هەرگیز بواری چاکسازی نادەنو جیاوازییێکی ڕیشەداریش نیە لەنێوان ئەو دوو باڵەدا. بۆیە پێویستە لە ڕەگو ڕیشەوە لێ بدرێتو ئەو کۆسپەیەش لەو دەڤەرە ڕابماڵرێت.

کۆمەڵێک لە پەرلەمانتارو سیاسەتمەدارانی ئێرانیش لەو ڕۆژانەدا وەبیرهێنانەوەیەکیان دایە ڕابەری شۆڕشو ئۆرگانە ئاڵۆزەکانی ئەو ڕژێمە، بۆ گۆڕینی وتارو بیرکردنەوەیانو دەست کردنی ڕاستەوخۆ بە چاکسازیەکان، یا چوون بە دەردی سەددامو ڕژێمەکەیو وێران بوونی وڵاتیش.
بەڵام دیارە ماوە نەدراوە ئەو بیرئانینەش شێوەی ڕەسمی وەربگرێتو بدرێتە دەزگا هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن.
ئەوەندە ماوە بڵێم باشترین پرۆژەی ڕووبەڕووبوونەوە لە زەمەنی ڕووبەڕووبوونەوە زۆرەکاندا ڕووبەڕووبوونەوی ئەقڵو ماریفەتە بەرامبەر نەزانینو دواکەوتوویی، بە دیموکراتیزە کردنو بە دەزگایی کردنی وڵاتو هەوڵدان بۆ بوژانەوەی نیشتمانو بە هەند وەرگردتنی ڕێزو کەرامەتی مرۆڤ. ئەگینا حەتمیەتی ئاوەژووبوونەوەی هاوکێشەکان تەنها مەسەلەی کاتە.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت